کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 1:00 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## 31 ئاب ئایە کارەسات بوو یان ڕاگرتنی تای تەرازوو بوو لە نیوان هێزی یەکێتی و پارتی یاخود وەدەر نانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە کوردستان هەروەک لە نامەکەی ڕێزدار (مەسعود بارزانی) بۆ سەددامی ناردبوو؟ ... باوکی شازاد

ئەوەی لە نزیکەوە مێژووی گەلی کوردستان ئاگادار بێت بەتایبەتی بەشی باشوور دەبینین زۆر جار مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر بێت و پیاچوونەوەیەک بەنێو ڕەوشی شۆڕشی کوردستانی عێراق دا بکەین دەبینین هەر لە یەکەم دەست پێ کردنی تەققەی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولەوە دەووڵەتە دەروو دراوسێکان ئۆقرەیان نەماو دەستیان کرد بە دانانی پلان بۆ ئەوەی هەر یەکەو لە ڕاستەخۆی ئەوەندەی لە توانای دا هەبێت پەیوەندی مووخابەراتی ببەستێت لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕش، ئەوەبوو توانیان بە تەواوەتی دەست وەر بدەن لە کاروباری ناوخۆی شۆڕس ئەویش پاش ئینشقاقەکەی 1964 دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بە ڕابەرایەتی خوالێ خۆش بوو (ئیبراهیم ئەحمەد) لە باڵی لیژنەی مەرکەزی پارتی بە ڕابەرایەتی خوالێ خۆشبوو (مەلا مستەفای بارزانی) نەمر بوونەوە، دووژمنانی گەلەکەمان ئەو هەلەیان قۆستەوە ئەوەبوو ئێران شوێنی بۆ باڵی م س کردەوە لە ناوچەی هەمەدان پاش ئەوەی کە دەرەقەتی هێزەکانی بارزانی نەهاتن ئاودیوی ئێران بوون کە حکومەتی عێراقی هەستی کرد پارتی بەهێز بووە پەیوەندیان بە برادەرانی دەرەوە کرد، ڕێک کەوتن لە سەر ئەوەی کە بێنەوە حوکمی زاتیان پێ بدەن لە ساڵی 1966 گەڕانەوە عێراق بە پێی ئەو ئیتفاقیەی کە لە نێوانیان کرابوو، بەڵام پاش ساڵی 1968 کە حیزبی بەعس هاتنە سەر حوکم بۆ ڕاگرتنی وەزعەکە شل و پەیتیان بە کار هێنا دڵی هەردوولایان ڕاگرت وە لە ساڵی 1969 پاڵپشتی هێزەکانی باڵی م س یان کرد بە هەموو شێوەیەک یارمەتیان دەدان، لە ڕقی ئەوەی کە هەستیان کردبوو بارزانی نەمر پەیوەندی پەیدا کردووە لە گەڵ ئیسرائیل وئێران و ئەمەریکا، ئەوەبوو هێزەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (مام جەلال تاڵەبانی) بە شێوەیەکی پراکتیکی هەربۆیە ئەوان دەیان ووت (جەلالیەکان) ئەوانی تریش دەیان ووت (مەلاییەکان) کە حکومەتی عێراق زانی جەلالیەکان بە هێز بوونەو خەڵکی ڕۆشنبیریان زۆرەو مەتالیبی گەورەشیان هەیە بۆیە حکومەتی عێراق لە ناکاو دەستی کرد بە مفاوەزات لە ساڵی 1970 بە هۆی (سەددام حوسەین) کە ئەو کاتە جێگری (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) بوو لە 11 ئازاری هەمان ساڵ بەیاننامەیەکیان مۆر کرد بە مەرجێک ئەوکاتە پارتی هێزێکی ئەوتۆی نەبوو بەرامبەر هێزی جەلالیەکان و حکومەتی عێراق بەڵام نەیان هێشت لەوە لاواز تربێتبەم هەنگاوە خوێنێکی بە تەوژم هاتەوە گیانی پارتی، جەلالیەکان بە ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە تێک شکان هەموو ئەندام و لایەنگرەکانیان بەرەو بەغدا هەڵهاتن وئاشبەتاڵیان لێ کرد، بەم هۆیەوە ڕێ پێوان و شایی و ئاهەنگ گێڕان لە سەر شەقامەکانی شارەکان دەستی پێ کرد لە عێراق جگە لەوان کە بەندەش ئەندامێکی ئەو گرووپە بووم، خەڵک وایان دەزانی تەواو کورد گەیشت بە مافی خۆی، بەڵام مەبەستی ڕژێمی عێراق ئەوە نەبوو کە مافی کورد بدات بەڵکوو دەیان ویست یەکەم جار خۆیان جێگیر بکەن بەتەواوی و نەیارەکانی ناو خۆیان لە ناو ببەن، دووەم مەبەست ئەوەبوو کە کوورد بە کورد بەکوشت بدەن بۆ ئەوەی کاتێک بەعسیەکان بەهێز بوون و ترسی ئەوەیان لە سەر نەما کە کۆدێتایان لە سەر بکرێ، ئەو کاتە کورد ئەو هێزەی نەبێت بەرگەی ڕژێم بگرێت، بەڵام ئەوجارەیان سەرکردەکانی کورد ئاقڵانە بیریان کردەوە دژ بە خواستی بەعسیەکان هەنگاوێکی باشیان هاویشت، بەهۆی چەند کەسێکی کورد پەروەر توانیان بگەن بە ڕێککەوتنێک کە دیسان هێزە سیاسی و سەربازیەکانیان (جەلالی و مەلایی) تێکەڵ بکرێنەوە ببنەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستانی جاران ئەو ماوەی 4 ساڵە کە کاتی دەست پێ کردنەوەی شەڕی ڕژێم بوو دژ بە گەلی کورد واتە ساڵی 1974 خەڵک بە هەستێکی بەرزوو کوردانە هاتنە مەیدان و دەستیان دایە چەک و بەرەو چیاکانی کوردستان بەڕێ کەوتن وە بە خێرایی دەستەو دایەرەی حکومەتیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دروست کرد و زانکۆی سلێمانیان لە قەڵادزی دامەزراندەوە، بۆیە ڕژێم زۆر بەبی زەبیانە کەوتە شەڕێکی جەبهەیی لە هەموو بەرەکانەوە فڕۆکەکانی ڕژێم هاتن زانکۆیان بۆمب باران کرد لە شاری قەڵادزێ بە سەدان خویندکارو قوتابی زانکۆیان شەهید کرد، وە ئیرانیش بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆی دەستی کرد بە ناردنی چەکی گەورەو دژە ئاسمانی و ناردنی پێشمەرگە بۆ ڕاهێنان لە سەر چەکەکان کە خۆم لە یەکەم دەورەی ڕاهێنان باشدار بووم کە خوالێ خۆشبوو موقەددەم عەلی لێپرسراوی مەدرەسەی مەدفەعی بوو، پارەیەکی زۆرو بێ ژمار گەیشتە دەستی شۆڕش وای لێهات حکومەتی عێراق زۆر شپرزەبوو بۆیە سەدام بەهۆی (هەواری بۆمیدیان) ی سەرۆکی جەزائیر توانی لە گەڵ شای ئێران (مەحەمەد ڕەزا پەهلەوی) بگەن بە ڕێککەوتننامەیەک کە شا شۆڕشی کوردیان بۆ تەفرو تونا بکات و عێراقیش نیوەی (شەتولعەرەب) بدات بە ئێران واتە هەتا سەر هیڵی (تایلۆگ) بوو بە موولکی ئێران لە6 ی ئازاری 1975 شۆرش دەستی بە هەرەس هێناو بەماوەیەکی زۆر کەم هەموو لایەک ئاشبەتاڵیان کرد خەلکەکەش هەر هەمووی یان بە سەر شۆڕی گەڕانەوە ناو عێراق و تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە کە خۆشم یەکێک بووم لەوانە وە یان بەرەو ئێران و هەندەران بەڕی کەوتن، با زۆر درێژە نەدەم بە مەوزوعەکان لە ساڵی 1976 کۆمەڵێک لە خەڵکانی سیاسەت مەداروو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بە دەست پێشخەری مام جەلال یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دروست کردبوو کە لە چەند ڕێکخستنێکی سیاسی پێک هاتبوون هاتنەوە ساحەی کوردستان، دوژمنانی کورد دیسان کێچ کەوتە کەوڵیان چۆن ببنەوە بە هۆکاری هەڵوەشانەوەی شۆرشی نویی گەلەکەمان بانگی سەرکردایەتی پارتیان کردەوە بۆ ئەوەی پشتگیری خۆیان ڕابگەیەنن بۆ دروست بوونەوە پارتی ئەوانیش دەستیان کرد بە جم و جۆڵ و قیادەی موەققەتەیان ڕاگەیاند یەکەم هەنگاویان پێش گرتن بوو لەو پێشمەرگانەی یەکێتی کە لە سوریا دەهاتن بە چەکەوە بۆ ناو خاکی عێراق لە ئەنجامدا کارەساتی هەکاری ڕوی دا ئەوجارەیان دەستی تورکیاشی تیا بوو ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتی زۆر بە حەکیمانە هەڵس و کەوتی نەکردبایە دەبوایە ئەوانیش ئاشبەتال ڕابگەیەنن، بەڵام هەر چۆن بێت دیسان خۆیان گرتەوە و هێزەکانی کە مابونەوەو ڕزگاریان ببوو یەکیان گرتەوە پاش ئەوەی سەرکردەکانیان زۆربەیان بەدیل گیران و دوایی بە چەکی مەزن هاتنە کوشتن، ئیتر بەم شێوەیە هەر لایەنێک کە لاواز دەبوو یەکێک لە دەوڵەتەکانی دەروو جیران یارمەتیان دەدا بۆ ئەوەی بەتەواوی نەکەوێت، پاش ئەوەی کە پارتی یارمەتی هێزەکانی ئێرانی دەدا حکومەتی عێراق لە کۆمەڵگای قوشتەپە 8000 بارزانی لێقەوماوی سڤیلی گرت و هەرهەمویانی زیندە بەچاڵ کرد لە سەر سنوری نێوان عێراق و عارەبی سعودی گوایە لە تۆڵەی ئەوەی کە هێزەکانی پارتی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و چۆمان لەگەڵ هێزی ئێرانیەکان هێرشیان کردوە بۆ سەر عێراق، ڕژێم دیسان کەوتە خۆی و دەستی کرد بە مفاوەزات لە گەڵ یەکیتی لە ساڵی 1984، بەڵام دیسان نەگەیشتن بە ڕێککەوتن شەڕ دەستی پێکردەوە تا ساڵی 1988 ئەو جارەیان یەکێتش یارمەتی هێزەکانی ئێرانی دەدا بە پێی ئەو ووتەیەی کە دەڵێ (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) وە ڕژێمیش بە هەموو هێزێکی بە چەکی گەورەو کیمیاوی و ئەنفال کەوتە گیانی کوردان لە هەموو ناوچەکان ئەوە بوو پاش راواستانی شەر لە نێوان عێراق و ئێران و چۆڵ کردنی کوردستان و کیمیا باران و ئەنفال پێشمەرگە نەیتوانی زیاتر خۆی ڕابگرێت جگە لە چەند مەفرەزەیەکی بچووک نەبێت لە ناوچە قایمەکان خۆیان شاردبووەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشەکە بن بۆ ئەوەی گەر مەجالێک پەیدا بوو دیسان دەست بە خەبات بکریتەوە بەڵام دیار بوو زۆر کارێکی سەخت بوو، لە ئیرانیش بەزۆر سەرکردایەتی پێشمەرگەیان هان دەدا بگەڕێنەوە عێراق خۆیان تەسلیم بە ڕژێم بکەنەوە، وابوو عیراق کوەیتی داگیر کردوو گەلەکۆیی نێو دەولەتی لێ کراو لە کوێت بەدەریان نا هێزەکانیان هەر هەمووی ڕەزیل کران و کوژران و بە دیل

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گیران، کە هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێم عێراق ئەوەیان بینی وە پاڵپشتی هەندێک دەوڵەتیان لێ کرا بە تایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیا بەرەی کوردستانی ئەکتیف کرایەو لە ئازاری 1991 دەست کرا بە هێرش کردنە سەر هێزەکانی ڕژێم بە چەند ڕۆژێک 14 شاری عێراق ئازاد کرا لە کوردستان و باشوور بەڵام بەهۆی وەزعی نێو دەوڵەتی ئەو کاتە ئەو پاڵپشتیە نەما دیسان هێزەکانی ڕژێم بە یارمەتی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانەوە سەرهاڵدانەکانیان کپ کردەوەو خەلکێکی زۆر لە ناو چوون بە ملیۆن خەڵک ئاوارەی سەر سنورەکان بوو بە تایبەتی لە کوردستان هێزەکانی بەرەی کوردستانی گەیشتنەوە شارەکانی هەولێرو دهۆک و سلیمانی وە پاش ئەوەی لە گەل ڕژێم بەیەک نەگەیشتن عێراق وای زانی ئەگەر ئیدارەی خۆی بکشێنێتەوە کورد لە برسا دەمرێت خۆیان دێنەوە باوەشی ڕژێم بەڵام کارەکە بە پێچەوانە دەرچوو خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بەرگریان لە خۆیان کردوو هەڵبژاردنیان کرد و پەنجا بە پەنجا حکومەت وپەرلەمانیان دروست کرا دیسان دوژمنان کەوتنە جوولە جول توانیان پارتی و یەکێتی بخەنە وە داوی شەڕی براکوژی بە دۆزینەوەی چەند هۆکارێک بۆ شەڕەکە وەکوو دزینی پارەی خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل و پارتی لە هەولێر وەدەر نران بە درێژی پتر لە 2 ساڵ شەر بەردەوام بوو هەموو دەوڵەتەکان قورمیشیان دەکردن هەرچەندی خەڵکی دۆستی کورد و سیاسەتمەدارانی گەلەکەمان هەووڵیان دا یەکیان بخەنەوە بەڵام داخی گرانم بێ سوود بوو لە بەر ئەوەی دژی خواستی دەروو جیران بوو بە تایبەتی تورکیاو ئێران هەرکەسە لە لای خۆی بەپێی ئەو کۆبونەوەو ئیتفاقیانەی کە لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی هەر 4 دەوڵەتی داگیر کەری کوردستاندەکران، هەرچۆنێک بێت نەمرو نەژین یارمەتی پارتی ویەکێتیان دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە شە ڕەکان چەند هەزار پێشمەرگەی ئازاو لاوی گەلەکەمان لە نێو چوونو کوژران، بەڵام کە دیتیان پارتی زۆر لاواز بووەو هەولیری پێ ناگیریتەوە، گلۆپی سەوز بۆ سەددام پێکرا کە ئەگەر پارتی داوای لی کرد با هێز بێنێتە کوردستان یەکێتی لە ناوچەی هەولێر دەربکەن کەس ڕێگایان لێ ناگرێت، ڕیزدار مەسعود بارزانی نامەیەکی مێژوویی بۆ سەددام نووسی کە لە کیتابەکەی (تاریق عەزیز) بە درێژی باسی لێوە دەکات تیایدا هاتبوو ئەگەر نەگەیت بە کوردستان ئەوا ئێران دەستی بەسەر دادەگرێت، هێزەکانی عێراقی هاتن بەرەو کوردستان یەکێتیان تێک شکاندوو هەولێرو دەوروبەریان تەسلیم بە پارتی کردەوە بەڵام هێزەکانی پارتی لە سنوری دیاری کراو دەرچوون کاک مەسعود بریاری لێبوردنی بۆ خەلکانی یەکێتی دەرکرد سەددام ئاسایی، لە بیریان نەمابوو دەبێ هێرش کردنەکان بە پێی نەخشەی دیاری کراو بێت کە بۆیان کێشراوە لە لایەن دراوسێکان، ئەوان نەیاندەویست یەکێتی لە ناوو بچیت تەنها مەبەست ڕاگرتنی تای تارازوو بوو، بەداخەوە هەر وەکوو پێشتر خەڵکێکی زۆر گیراو بە دیلی کوژراو ماڵیکی زۆر تالان کرا هەروەک چۆن کاتی وەدەرنانی پارتیش لە هەولێر بە هەمان شێوە خەڵک زۆر زەرەرمەند بوون کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکانی یەکیتی بە دەست بەستراوەیی دەهێنران بۆ سەربازگەی هەولێر لە لایەن جەمال مورتکە تەسلیم بە بکوژەکانیان دەکران و لە ناو دەبران وە ئێستاشی لە گەڵ دابێت زۆر کەس کە لە و شەڕانە گیران لە هەردوو لا کەس نازانێت چیان بەسەر هاتوە وە لە گەڕەکەکانیش بە کۆمەڵ خەڵکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیان دەهێناو دارکاریان دەکردن دەبوایە چەکێک بدەن بە پارتی ئینجا پسولەی لێبوردنیان پێ دەدان بە هەر حال کە زانیان پارتی بەڕاستی دەیەوێت دەست بەسەر کوردستان بگرێت، ڕژێمی ئێران دەستی کردەوە با ناردنی یارمەتی چەک و شتی تر یەکیتی جارێکی تر پارتیان بە دەردی خۆیان بردەوە هێندەی نەمابوو کارەساتێکی گەورە بەسەر سەرکردایەتی پارتی بێت لە شاری سلەیمانی ئەوەی کە خۆی پێ دەرباز نەکرا لە ڕێگای کەرکوکەوە بەرەو هەولێر هاتنەوە دیسان ئەو جارەیان یەکێتی دەیویست بێتەوە هەولێرو هەتا مەسیفیش بگرێتەوە دیارە ئەوانیش بە هەڵە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەسەلەکە گەیشتبوون بۆیە هێلی ڕاوەستانی شەڕیان بۆ دانان بەهۆی هاتنی هێزیکی سەربازی تورکیا بە بیانوی ئەوەی کە یەکێتی و پەکەکە هەماهەنگی یەکتر دەکەن کە پتر لە 125 تانک هاتن بەرەو ناوچەی هیران و شەڕێکی گەورە ڕویدا بە سەدان پێشمەرگەی یەکێتی بەهۆی تۆپبارانی تانکە تورکیەکان و بۆمب بارانی فڕۆکەکان کوژران بەم شێوەیە هەردوو لایان تێگەیاند کە دەبێ بزانن سنوری دەسەڵاتیان لە کوێ بۆ کوێیە و بەناوی هێزی ناوبژیوان بە سەدان ئەفسەری موخابەراتی میتی تورکی هاتنە کوردستان بە کەیفی خۆیان لە نێوان هەولێر و سلێمانی و کەرکوک تەرەتێنیان دەکردو کاری خۆیان ئەنجامدەدا جەبهەی تورکمانیان ئەکتیڤ کردەوەو زۆر بنکەی جاسوسیان لە ناوچەکە دانا کە هەتا ئێستاش دەوری خۆیان دەبینن، باشە ئەو هەموو دەست تێوەردانەی دوژمنانی کورد لەبەر چاوی ڕەشی پارتی و یەکێتیە یان بۆ لاواز کردنی گەلی کوردە؟ تەماشا کەن هەتا ئێستاش کۆبوونەوەی وەزیرەکانی ئەو 4 دەوڵەتە بەردەوامە ساڵی 2 جار وە خۆشبەختانە ئێستا دەوڵەتی میسروو چەند دەوڵەتێکی عارەبی تریش تەشریفیان هێناوە بۆ کۆبونەوەکان بە ناوی هاوسێکانی عێراق کورد ووتەنی ماڵ لەخۆی نەبوو میوانیشیان هات، سەیر کەن هەتا ئێستا سەرکردایەتی ئێمە دەرکی بەوە نەکردوە کە بزانێت چۆن بەرەنگاری ئەو هەموو پلانە ڕەشانە ببنەوە هەتا ئێستاش پاش ئەو هەموو ڕێککەوتنە ئیستراتیجیانە نەیان توانیوە دەوڵەتێکی بە هێزو یەکگرتوو دروست بکەنەوە لەبەر ئەوەی هێشتا خوێنی دژایەتی و تۆڵە سەندنەوە لە ناو دەمارەکانیان دەجولێتەوە هەرچەندە بەبی یەکتریش ناتوانن هیچ بکەن، بەڵام زۆر لە چاودیرەکان دەڵێن پارتی چاوەڕوانی مردنی (مام جەلال) دەکات بۆ ئەوەی ببینن چۆن یەکێتی هەڵدەوەشێتەوەو پەلە قاژەی مردن دەکات و دیسان پارتی دەبێتەوە هێزی یەکەم لە کوردستانی عێراق هەرچەندە ئەوە خەونێکی خۆشە بۆیان بەڵام وابزانم کاتەکە بە سەر چوە شتی وا نە ڕوو دەداتەوەو نە لە بەرژەوەندی پارتیشدایە کە یەکێتی هەڵبوەشێتەوە لەبەر ئەوەی خۆیان دیت لە ناو مەسەلە سیاسیەکانی عێراقیدا چەندە بەیەکەوە جوانن وە چەندە خەڵک لە یەکبونەکانیان ڕازین دووا ڕۆژی گەلی کوردستانیان پێوە دیارە دوژمنانی گەلەکەمان چەندە حیسابیان بۆ دەکەن، بۆیە من دەڵێم یاخوا هەر وا تەباو یەکدەنگ بن لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، بۆیە من گەشبینم کەهەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی پاش ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە ساحەی عێراقی و نێو دەوڵەتی ڕویداوە ئیتر هەتا ئێرەو بەسبێت هیچی تر دڵی دوژمنان خۆش نەکەن پێویستیمان بە 31 ئابی تر نەماوە، ئیستا ئاسۆی کورد شەوقەداتەوە هەوڵ بدەن بە بڕیاری بەکەلک و کوردانە ڕەوشی کوردستان ئاسایی بکەنەوە لە سایەی خوا ئێستا هەموو لایەک دەوڵەمەند بوونەو زۆر پێویستیتان بە گومرگی ئیبراهیم خەلیل نەماوە ئیتر بانۆرەی گەلە ستەمدیدەکەمان بێت و خەڵک تێر نان بکەن و کارەباو سوتەمەنیان بۆ دابین بکەن و ئاسایش بەر قەرار بێت یارمەتی گەنجەکان بدەن بۆ ئەوەی خێزان بەیەکەوە بنێن با هیچی تر کچەکان و کوڕەکانمان بە قەیرەیی نەمیننەوە، هیواو خەونەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن گەر ئەو کارە پیرۆزانەتان کرد لەوانەیە مێژووش تۆزێک لە کارە خراپەکانتان چاوپۆشی بکات وەکوو بەرابەر یەک لە هەڵوێست تۆزێک بەزەییان پێتان بێتەوەو هەرنەبێت بە دوژمنی گەلتان نەژمێرن هیوادارم توانیبم تۆزێک ڕووداواکان ڕون بکەمەمەوە بۆ خوێنەران و سەرکردە کانی کە جاران لە کاتی خۆی زۆر خۆشمان دەویستن بۆیە حەز دەکەین جارێکی تر ئەو متمانەو خۆسەویستیە بگەڕێتەوە دۆخی جاران و بە زیادەوەش، ئیمڕۆ ڕۆژی هیممەتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێویستیان بە یارمەتی ئێوەی دەست ڕۆیشتوو هەیە ئەو فرسەتە لە دەست خۆتان مەدەن، بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.